## _ ماری کۆرە وەی باب ! * _

_ شێروان بێ دڵ _

گەر بۆ کورد تێ دەکۆشی
چۆن کەرکوک لەبیر دەکەیت !
چۆن وویژدانت دەفرۆشی !
زۆر لاوی ئازا کوژرا
هەر بەخوێنی بەرگەوە
دایکی ڕۆڵە کوژراوان
کزەبوو لە جەرگەوە
چەند کەس بێ سەر و شوێن بوو
لەمەتەرێزی خوێن بوو
بەڵام پێشمەرگە هەردەم
بۆ کورد خاوەن بەڵێن بوو
دەست نەهاوێ یە دەستی
دوژمنێ ئەنفالت کات
شەرمە کە بیپەرستی !
کاتێ کەتۆ لە شاخ بووی
بۆ گەل دڵ پڕ لە داخ بوی
کەی تۆ ئەوها دادەڕزای !
بۆ دوژمنان قۆناغ بوی
پێشمەرگە کەی ئەوها بوو ؟!
کەی دز بوو کەی ڕێسوابوو ؟!
بەڵێ ئێستاش هەرماوە
لەم جۆرە کەڵە پیاوە
پێشمەرگەی دێرین هەیە
تۆزقالێک نەگۆڕاوە
ئەوان لەژین بێ بەشن
بۆ کورد دووچاوی گەشن
هەندێ خۆفرۆش هەنە
تاکو مردن ڕووڕوشن !
هەر دز خۆشە بازاڕی
کوانێ ئاو کارەبا ؟!
کوانێ خزمەت گوزاری ؟!
ئەوەی کەڕاستی بڵێ
دەنگی سانسۆر کراوە
زۆر خاوەن پێنووس هەیە

کە بەپارە کڕاوە
بەڵێ ڕۆڵەی کوردپەروەر

لایان نرخی نەماوە
ئێستا باوی دزیە
باوی پول و دراوە
ئەی کەی پاک سازی دەکەن ؟!
دزەکانی ناو ڕیزتان
شەرمە ئەگەر دەرنەکەن
کە پاڵپشتی دوژمن بن
چۆن کوردایەتی ئەکەن !
ئێوە بۆ وە نەهاتوون
سەروەتی گەلتان ببەن !
کە دوژمن برا گەورەبێ
لە کورد داکۆکی دەکەن ؟!!
خولقی جوێنم نەماوە
خاین هەردەم ڕووی ڕەشە
تێ دەگات ئەو ناپیاوە !
بەڵێ دزن گەندەڵن
چۆن لای گەل جێی باوەڕن !!
بەڵی پارەی بردراوە
حوکمی سەگ ڕاوە ڕاوە
ڕیگای ئازادی بوونمان
ئێستا بۆچی گۆڕاوە ؟!
وامۆدێلی ئەلبۆمە *
گەلی ڕەش و رووت برسی
لایان قەرەج و دۆمە
ئاغا هەموی گل ئەداو
دەڵێ هەمووی بۆ خۆمە !!

- ماری کۆرە وەی باب جۆرە مارێکێ گەورەیە زۆر کوشندەیە یەکجار بەمرۆڤەوە بدات ئەیکوژێت !

ئێستا لە کوردستان لە ناو دز و لێپرسراوانا مۆدێلی ئەلبۆمە !
ئەلبۆم = یەکسانە بەیەک ملیۆن دۆلار .